# شیكردنەوەی ڕەگەزە شیعرییەكانی ( بێسارانی ) بە سەرنج و دیدگای نوێوە

**پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد                پ.ی.د. فازیل مەجید مەحمود**

**زانكۆی سلێمانی**

**سكوڵی زمان**

**بەشی كوردی**

**پێشەكی :**

خوێندنەوەی دەقە شیعرییەكان لە ڕوانگەی جیاوازەوە و بە پێی تیۆری جۆراوجۆر ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوپێش دەچێ و تەشەنەدەكات ، سەرنج و وردبینی لە وردەكاری پێكهاتەی ئەو دەقە ناوازانەی كە لە ناوخۆیاندا سیحری وشە و لێكدانەوەی هەمەچەشنە هەڵدەگرێ ، شاعیرانی پێشین و سەردەم سەر بە چ قوتابخانەیەك و ڕێبازێكی ئەدەبی بن ، نموونەی باڵا و دەگمەن و شاكاریان هەیە ، كە زەمەن و گۆڕانكاری ژیان چێژ و زەبری كاریگەریان لەسەر خوێنەر كاڵ ناكاتەوە ، ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە كە شیعر و پەخشانی هونەری لەهەر فۆرم و ناوەرۆكێكدا بخرێنەڕوو ، خوێندنەوەی تر و بە پێی ئاستی خوێنەر هەڵدەگرن ، كەسی داهێنەر و خوڵقێنەر كۆی سەردەمەكان لە خۆیدا كۆ دەكاتەوە و لە ڕێگای پەیامەكەیەوە چیرۆكی دوێنێ بۆ نەوەی ئەمڕۆ دەگێڕێتەوە .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی ترە بۆ خوێندنەوەیەكی تر بە چاوێكی تر بۆ چەند دەقێكی (بێسارانی) كە لە دووتوێی دیوانە چاپكراوەكەیدا تۆماركراون ، سەرجەم دەقە شیعرییەكان جێی سەرنج و تێڕامانن و خوێندنەوە و ڕاڤەكردنی نوێ هەڵدەگرن ، بەڵام تەنیا لەم توێژینەوەیەدا سەرنجمان لەو دەقانە داوە كە لە خەو و ئەندێشە ئەدوێن و كراونەتە ڕەگەزی سەرەكی دەقەكان و بەم فەنتازیایە ، دەقەكان بە زیندوویێتی ماونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێكدێت : بەشی یەكەم تەرخان كراوە بۆ باسكردن لە دەق و شیكردنەوەی بە پێی ڕێباز و قۆناغە مێژووییەكان و بەشی دووەم : كۆمەڵێ سەرنج و تێبینی نوێ لەسەر چەند دەقێكی (بێسارانی ١٦٤٣ – ١٧٠٢ز) خراوەتە ڕوو ، هەوڵی بەدەرخستنی توانا و ژیری شاعیر دراوە كە تا چەند توانیویەتی خەو و ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە بەرجەستەبكات .

**بەشی یەكەم**

دەق و شیكردنەوەی دەقی ئەدەبی بە زۆر قۆناغ و سەردەمی مێژوویدا تێپەڕیوە ، لە ناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا تاكو ساڵانی ١٩٢٠ ز لە دەرەوەی دەقی ئەدەبی بۆ مەبەستی توێژینەوەی خۆیان دەگەڕان ، ڕۆچوون و گەڕان بە ناو مانای قووڵی دەقدا كەمتر پەی بێ برابوو ، ((مێژوونووسەكۆنەكانی ئەدەبیات وەكو پیاوانی پۆلیس بوون كە بۆ دەستگیركردنی كەسێك ، هەموو كەسێ دەگرن و دەست بەسەر موڵك و ماڵی هەمووانـدا دەگرن ، تا ئەو جێیەی بۆ دواجار هەركەسێ بە شەقامدا تێپەڕی دەستگیری دەكەن ، مێژوونووسانی ئەدەبی

هەموو شتێك بەکاردەهێنن ، بواری کۆمەڵایەتی ، سایکۆلۆژی، سیاسەت و فەلسەفە ، ئەوان لە جێی ئەوەی کەڵك لە میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەرگرن ، کۆمەڵێ بنەما دەهێننەوە کە خۆیان درووستیان کردوون ))[1]

لەو سەرنج و تێڕوانینانەی سەرەوەدا تێدەگەین کە لە ڕۆژئاوادا تا نیوەی دووەمی سەدەی پێشوو (سەدەی بیستەم ) و لە ڕۆژهەڵات تا ئەم ساتەوەختانە ، ژمارەیەك پێوانەی حازر بەدەست هەن ، کە ئامادەکراون و لە توانایاندا هەیە هەموو دەقێکی (کۆن و نوێ)ی پێ هەڵسەنگێنرێ و نرخ و بایەخی پێ بدرێت بە پێی ئارەزوو و ئاستی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر و توێژەر ، هەروەها حوکمی ئامادەیان لە بارەوە بدرێت ، دیارە بەشێك لە نامە ئەکادیمییەکان لەم پێوانەیە بەدەرنین و بەو پێوانەیە هەڵس و کەوت لە شیعر و شاعیرانی کلاسیکی و سەردەمدا دەکەن ، بۆ نموونە : کاتێ لەسەرەتاوە ئەو قەناعەتە لای چەند توێژەرێ دروست بوو کە شاعیرانی دیالێکتی گۆران ( بێسارانی و مەولەوی ) دوور و نزیك پەیوەندییان بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی ڕۆژئاواوە نییە و بێ ئاگابوون لەو ڕێبازە درێژخایەنە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ ئەدەن رایەڵ و بنەماکانی ئەو ڕێبازە بەسەربەرهەمی ئەو شاعیرانەدا بە زۆر بسەپێنن ، بەمەش هیچ مەبەستێ ناپێکن و ئەو دوو حاڵەتە بە زۆر بەیەکەوە نایەنەوە . دیارە هۆکاری مانەوەی توێژینەوەکان ( بەشێکیان ) لەو ئاستەدا ، تەنیا سووچ و گوناهی توێژەر نییە ، بەڵکو ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی یە کە لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا ، بە چەندین هەنگاو لە دوای بەرهەمی ئەدەبیەوەیە ، ڕەخنەی کوردی نەیتوانیووە جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا بخاتە بەرچاو و ڕێنوێنی توێژەری ئەدەبی و ئەکادیمی بکات و جارێکی تر بژاری مێژووی ئەدەبی کوردی بکاتەوە ، ئەرکی ڕەخنەگرە ، ئاراستەی خوێندنەوە و تێگەیشتنمان بۆ دەقی ئەدەبی بگۆڕێ و بیرکردنەوە و سەرنجی نوێمان بداتێ و بمانخاتە سەر خوولیای خوێندنەوەی جیاواز و بەراوردکاری و هەوڵ بدات کاری سەرەکی خۆی جێ بە جێ بکات کە ئەوەش گومانە لە کارەکانی پێشوو ، هەوڵی خوێندنەوەی دەق بە هوشیاری و فرە ڕەهەندی و ڕووانینی نوێوە .

لە باسی گرنگی دەقدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ( فۆرمالیستەکان ) کە هەنگاوێکی بوێرانە و داهێنەرانەیان نا ، کاتێ تیۆرەکۆنەکانی شیکردنەوەی ( دەق ) و بنەماکانیان وەلا نا و هەوڵیان دا میتۆدی تایبەت بە ناسینی گەوهەر و شێوازی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبی بدۆزنەوە ، ( فۆرمالیستەکان ) وەك ( سۆسێر ) مێژوویان لانەبرد ، بەڵکو هەوڵیان دا ئەوەی کە ئێستا هەیە بیناسن ، خاڵی گرنگ و سەرنج ڕاکێش بۆ ئەوان ( فۆرمالیستەکان ) بوونی فۆرمی تازەی دەربڕین بوو نەك مێژوو و هۆکاری سەرهەڵدانی ( دەق).

بە کورتی کاری ئەوان جیاکردنەوەی ( دەق ) بوو لە ( مێژوو )[2] کە ئێمە هەوڵ ئەدەین لەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕێچکەیە بگرین و ئەم ڕێبازە پەیڕەو بکەین .

قۆناغی دواتر ، لەبەر ڕۆشنایی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی تیۆرەنوێیەکانی ( شیکردنەوەی دەق ) ، جگە لە دوور خستنەوەی مێژوو و کاریگەری بەسەردەقەوە ، پەیوەستی لایەنی واقیعی و کۆمەڵایەتی (ئەو واقیع و کۆمەڵگایەی ) دەق بە تایبەتی و ئەدەب بە گشتی بەرهەم دەهێنێ ،خرانە ژێر پرسیارەوە.

دەقی ئەدەبی ( بە تایبەت دەقی داهێنەرانە ) بە هۆی میکانیزم و وێنەی هونەرییەوە ، هەموو ڕەنگ و ڕەگەزەجوان و دەگمەنەکانی جوانیناسی لە خۆ دەگرێت و دەبێتە تابلۆیەك کە بە وشە داڕێژراوە ، ئەفسوون و سیحری ( دەق ) ی زیندوو لەوەدایە کە هیچ کات و سەردەمێك ، نهێنی و ئیستاتیکای کاڵ نابێتەوە ، هەمیشە کۆدی چەند نهێنییەك ئەشارێتەوە و لە ناو خۆیدا ئەیپارێزێ تا خوێنەری بە ئاگا و توێژەری بە سەلیقە بتوانن هەرجارەی بەشێکی ئاشکرابکەن .

شاعیری داهێنەر کە خولقێنەری دەقی داهێنەرانەیە ، ئەم راستییە دەزانێ و داوادەکات بە رووکەش سەیری وشە و دێڕ و بەیتەشیعرییەکانی نەکرێت ، بەڵکە خوێنەر لە ناو رایەڵی تەونی دەنگ و رەنگ و زایەڵە و سەدای بەرهەمەکەدا بۆ نەغمە و ئاوازی نوێ بگەڕێ ، مانا و بیرۆکەی تر هەڵگۆزێ ، وەك ئەوەی (( نالی )) داوامان لێ دەکات :

نەزمی ( نالی ) میسلی ئاو و ئاوێنە رەنگی نیە

دوو رووە بۆ سەیری خاتر :یەك خەفی و یەك ئاشکار(٣)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەوەی لەم توێژنەوەیەدا مەبەستە و کاری لەسەر کراوە (دەقی نووسراوە ) لە بەر ئەوەی تاکە رێگای پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەرە ، ( دەقی نووسراو ) ئەو بەرهەمە فیکرییە کۆکراوەیە کە لە سەردەم و قۆناغی دیاریکراودا ، هۆشیاری خاوەنەکەی دەنوێنێ و (دەقی نووسراو ) ئەو نامەیەیە ( پەیامەیە ) کە بۆ هەموو کەس نووسراوە ، بۆ کەسی تایبەت نیە و بە چاوی هەموو خوێنەرێکدا گوزەردەکات ، بەڵام لە وێستگەی گومان رەخنەی خوێنەر و توێژەری وشیار و بە ئەزموون و قاڵبوی خوێندنەوە و ڕامان ، رادەگیرێ و لە پێناسە و شوناس دەکۆڵێتەوە ، هەر لێرەدایە جارێ لەدایك بوونی دەقێکی تر ئەدرێت .

(دەقی ئەدەبی ) وەك سەرجەم دەقەکانی تر ( سیاسی ، سایکۆلۆژی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، یاسایی ... هتد) پێناسەی خۆی هەیە . ئەم جۆرە دەقەی ( ئەدەبی بە شیعر و پەخشانەوە ) ئەو هێمایانە لە خۆدەگرێت کە دەمانگێڕێتەوە بۆ دەیان سەرچاوە و دەقی پێشووتر ، لێرەدا بە پێویستی دەزانین وتەیەکی ( رۆلان بارت ) بهێنینەوە ، کە پەیوەستە بە پێناسەی دەقی زیندوو و مەرگی نووسەرەکەیەوە: (( دەق لە ریزکردنی کۆمەڵێك وشە پێك نایەت کە تاقە مانایەك دروست دەکەن ، مانایەکی لاهوتی ، بەڵکو دەق فەزایەکی فرە رەهەندە ، تیایدا نووسینی جۆراوجۆر ، ئاوێتەی یەکتری دەبن و لەگەڵ یەکتردا هاودژ دەبن ، بە بێ ئەوەی هیچ یەکێ لەو نووسینانە لەوانی تر رەسەن تر بێت ، دەق پێکهاتەیەکە لە وەرگرتن ، لە کۆمەڵێك سەرچاوەی رۆشنبیری جیاجیا )) (٤)

دیارە مەبەست لە ئاوێتەبوون ، تێکەڵاوی مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵ و کێشەکانی و بارودۆخی دەوروبەر و کاریگەری و رەنگدانەوەیانە بە ئاگایی یان بە نائاگایی لە دەقی بەرهەم هێندا .

جێی داخە و سەرنجە ، ئێمەی خوێنەر و توێژەری کورد ، تا ئەمڕۆ بە دەگمەن و دانسقە بە چاوی ورد و عەقڵی کراوەوە چەند جارێك بەرهەمی شاعیرانی پێشینمان خوێندووەتەوە ، ئەو راڤەکردن و سەرنج و خوێندنەوانە مافی خۆیان بە بەرهەمی ئەو شاعیرانە نەداوە ، کەمتر شارەزای جیهانی ناوەوەی شیعر و چیرۆکەکان بووین ، و هەوڵمان نەداوە گرێی نهێنی ناو ئەو دەقانە بکەینەوە و ئاشنایان بکەین بە خوێنەر لە رووی داهێنانەوە ئەدەبی کوردی دەیان شاکاری ( خانی و جەزیری و حاجی قادر و نالی و سالم و کوردی و صەیدی هەورامی و بێسارانی و مەولەوی ... هتد ) لە خۆگرتووە ، کە ئەمانە کەرەسەی خاون و کلیلی راز و نیازیان نەکەوتۆتە دەست توێژەری شارەزا و بە ئەزموون .

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ دابەشکردنی جۆر و سیفەتی دەق ئەدەین لەوانە :

زانای عەرەب ( لەتیفە عەباس ) دەقی بەم شێوەیە دابەشکردووە :

أ / دەقی ئەدەبی .

ب / دەقی بەدەر لە لایەنی ئەدەبی .

کە دەقی ئەدەبی بە دەقی رەسەن دادەنێ و دەقی رەسەن بەسەر چەند جۆری تردا دابەش دەکات وەك: دەقی راگەیاندن ( بیستراو ، بینراو ،نووسراو، دەقی رۆژانە، دەقی پیشەیی ، دەقی گۆڕینەوە ) (٥)

هەروەها ( رۆلان بارت ) لە کتێبی ( SIZ ) دا قسە لە سەر دوو جۆر دەق دەکات : دەقی خوێنراو کە لەم جۆرە دەقەدا ، خوێنەر بەکاربەرە و راستەوخۆ بەرەو مانای دەق دەڕوات . جۆرەکەی تر دەقی نووسراوە کە جیاوازە لە دەقی کلاسیکی ، خوێنەر دەتوانێ لە هەر خوێندنەوەیەکدا ، بەرهەم هێنەری مانا بێت ، ئەم خوێنەرە چالاکە و کۆمەڵێ سیفەتی نەرێتی کۆدەکاتەوە ، وەکو بکەرێکی بەرهەم هێن دەردەکەوێ نەك وەك بەرخۆر ، لەم جۆرە دەقەدا ( دەقی نووسراو ) فرەمانایی لە چوارچێوەی زمانی دەق و هەموو ئەو لایەنەرووناکبیر و ئەزموونەی کە لە ناو دەقدا کۆبۆتەوە ، دەردەکەوێ . ) (٦)

دیارە زۆری ئەو دابەشکردنانەی بۆ دەق کراون و لێرەدا مەودای باسکردنیان نیە تەنها نموونەیەکی تر باس دەکەین کە ئەویش دابەشکردنەکەی ( ئەمبێرتۆئیکۆ ) یە کە دوو جۆر دیاری دەکات : ( دەقی کراوە و دەقی داخراو ) دەقی کراوە بەلای ئەم نووسەرەوە ئەو دەقەیە کە یەك جەمسەرە و یەك رەهەندە و شیکردنەوە و مانای جیاواز هەڵناگرێ ، خوێنەر لە بەرامبەر ئەم جۆرە دەقانەدا ، رۆڵێکی دیاری کراوی هەیە کە وەك بازنەیەك نەخشەی کێشراوە کە ناتوانێ لێی دەربچێت .

بەڵام ( دەقی داخراو ) بە پێچەوانەی یەکەمەوە ، گەلێ نهێنی و کۆدی شاراوە لە خۆدەگرێت کە خوێنەری چالاك و رووناکبیر دەتوانێ چەندین مانای لێ بەدەست بهێنێ . (٧)

توێژەر و خوێنەری کورد ، لە سەر پێودانگی میتۆد و دابەشکردنی عەرەبی و رۆژئاواییەکان ، دەق دابەش و یەکاڵادەکەنەوە ، نەیانتوانیوە خۆیان جۆرێکی تر لە پۆلێن کردن دەست نیشان بکەن .

راستییەکەی توخمەپێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی زۆر ئاڵۆزن ، تەنیا دەتوانن بە یارمەتی خۆیان شی بکرێتەوە ، دیارە بەرهەمی ئەدەبی باس لە ( واقیع ) دەکات و ئاوێنەی واقیعێکی دیاری کراوە ، دەبێ لە رێگەی واقیعی دەقەوە بە واقیعی دەرەکی شارەزا بین و بیناسینەوە ، بەو پێیەی شیعر یاری کردنە لەگەڵ زماندا و بناغەکەی بۆ داڕشتنی پتەوی زمان دەگەڕێتەوە ، هەر لە بەر ئەوەی شێوازە زمانییەکان زۆر خزمەتی شاعیر دەکەن و بە کەڵکی دێن. ئەرکی ئەدەب ( دەقی ئەدەب ) پەیامە، کە بە هۆی ئاگاداربوون لە زمانناسی یەوە دروست ئەبێت ، زمانی شیعر لەگەڵ زمانی رۆژانە یان ئاسایی جیاوازە (یاکۆبسن ) شیعری بە ( ئەرکی جوانناسانەی زمان ) و ( هێرشی رێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی رۆژانە ناودێر دەکات .) (٨)

**بەشی دووەم :**

ئەم بەشە تایبەتە بە دەقەکانی (بێسارانی ١٦٤٢ – ١٧٠٢ ز) ، وەك ئاماژە دەکرێت ، تا ئەمڕۆ بە تەواوەتی ژیان و بەسەرهاتی ( بێسارانی ) وەك زۆرینەی شاعیرانی پێشینمان بە وردی نەزانراوە و زیاتر لە چەند سەرچاوەیەکدا بە کورتی ئەو زانیاری و ژیاننامەیە نووسراونەتەوە ، کە دیارە لێرەدا مەودای ساغکردنەوەی ئەو باسە نیە .( بێسارانی شاعیرێکی ناوداری دیالێکتی گۆرانە کە بەرهەمەکانی (دەقەشیعرییەکان ) بە هۆی دەوڵەمەندی شێوە و ناوەرۆکی شیعرییانەوە ، نەك دەقەکانی بە زیندوویەتی ماونەتەوە لە بەر ئەوەی ( دەقی داخراو )بوون و مانای زۆریان لە خۆ گرتووە کە پڕن لە مانای ( عیرفانی ، عەشقی سروشت و خەمی دووری و عەشقی ئافرەت و ئایین و مردن و ژیان و وەسێتنامە و .... هتد ، کە دیارە ئەم بەهێزی و پتەوییەی

بەرهەمەکانیەتی کە توانیوویانە سەردەم و قۆناغەکانی ببڕن و کاریگەرییان لەسەر شاعیرەگەورەکانی وەك ( مەولەی و پیرەمێرد و وەلی دێوانە و گۆران ) هەبێت و پێناسەی شیعری کلاسیکی وکوردی بن .[9]

(( شیعرەکانی ( بێسارانی ) ئەگەر بە قووڵی بەرچاو بدرێت ، ئەتوانین لای کەم بە سێ بەشی جیاواز دابەش بکەین ، کە بریتین لە : (غەرامی ، عیرفانی ، کۆمەڵایەتی ) بەشی یەکەم زۆرترین شیعرەکانی بێسارانی ئەگرێتەوە و زۆربەی هی دەورانێکە کە بێسارانی گەنج بووە کاتی خووڵی فەقێتی و سەرەتای مەلایەتین ، ئەم بەشە خۆی بە دوو بەشی جیاواز دابەش ئەکرێت ، بەشی یەکەم ئەو هەڵبەستانەیە کە بە دیداری ژوانی خۆشەویستەکەی شادە و بە بێ تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر دانیشتووە . بەشی دووەم بە ڕواڵەت دوور لە ( چراغ) ەوە سەدان تەنگ و چەڵەمە و زام و دەرد و برین و غەم و پەژارە و هیجرانی لێ کۆبووەتەوە و لە دەروونی دا ، تۆفانی غەم و هیجران ، شەپۆل بەسەر شەپۆل دەهێنێت )) [10]

دیارە ئەو دەقە شیعرییانەی لە قۆناغی هیجران و دوورکەوتنەوەی ( چراغ ) یان خۆشەویست یان (ئامینە ) دا وتراون زیاتر مانا و کۆدی جیاواز هەڵدەگرن ، پڕن لە ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە .

زۆر لە سەرچاوەکان بێسارانی وەك یەکێك لە شاعیرانی رۆمانسی کورد دادەنێن و تەنانەت شوێنەواری دڵداری و رایەڵی سۆفیزم ( عیرفان ) و کۆمەڵایەتی ئاوێنەی بەرهەمەکانی بوون ، کە ئەمەش توانای شاعیر نیشان ئەدات .[11]

بنەماکانی رێبازی رۆمانتیکی رۆژئاوایی کە زیاتر لە سەر بنەمای لایەنی سروشت و خۆشەویستی و خەو خەیاڵ و گۆشەگیری و دوورە پەرێزی وەستاوە ، کە توێژەرانی کورد ئەم لایەنانە ئەگوێزنەوە بۆ باس کردن لەم رێبازە لە ناو ئەدەبی کوردیدا ، زیاتر جەخت لە سەر لایەنی سروشت و خۆشەویستی و خەون و خەیاڵ ئەکەنەوە .(( سروشت لە لای رۆمانتیکییەکان مەڵبەندێکی پیرۆز و بێ گەردبوو ، لە بەرئەوەی تاقە سەرچاوەیەك بوو کە ئادەمیزاد بە بەختیاری تێیدا دەحەسایەوە ، دوور لە گیروگرفتی ناوشار ، پێشڕەوی ئەم لایەنەش (رۆسۆ ) بوو کە داوای دەکرد بگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت و دوورکەوتنەوە لە باری ئاڵۆزی ناوشارستانێتی ، هەروەها سەدەکۆنەکانی فەزل دەدا بە سەر ژیانی ئایندەدا ، چونکە ئادەمیزاد لە کۆندا بە شێوەیەکی بێگرێ ژیاوە و تووشی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی نەبووە لە ژیانی رۆژانەیدا ، سەربەستییەکی تەواوی هەبووە ... هتد )) [12]

دیارە ئەم لایەنە لای شاعیرانی گۆران بەم شێوەیە نەبووە ، لەبەر ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی بۆرژوای نوێ لەو قۆناغانە و دواتریشدا دەرنەکەوتووە ، زیاتر کۆمەڵی کشت و کاڵی و خۆبەڕێوەبەربوون ، بە توانای تاك و بە قەد پێداویستی رۆژانەی خۆیان رەنجیان داوە و کەمێك بەرهەمیان کۆکردۆتەوە ، سەختی ناوچەی هەورامانی ( تەخت و لهۆن ) و تووشی ساڵ و سەرمای بێ ئەندازەی زستان و جوانی بێ وێنەی سروشتی بەهار و قەڵبەزەی تاڤگە و روونی کانیاو و بۆنی گوڵ و لالە و چیمەن و گوڵزار ....هتد .

هەموو ئەمانە ئیلهامی شاعیران بوون و زیاتر خەو و خەیاڵ و هەست و توانای چێژوەرگرتنیان بە ئاراستەی سروشت بووە ، ئەو جوانی و رەونەقە خواکردە ، دیسان یاد و یادەوەری خۆشەویستی بۆ شاعیر زیندووکردۆتەوە و بۆتە تەواوکەری ئەو جوانیە سروشتیە :

چراغم گوڵان
ئەرمن بە بێ تۆ ، بدیە رووی گوڵان
بەری بوون جە سۆز ، ناڵەی بڵبڵان
هام دەرد بوون ، چەنی دەردێ بێ دلان
ئەر چەمەن بێ تۆ بوینوو بە چەم
من چەم بە مژگان هوونین بدەونەم
چون بێ دەردان بۆ دڵ بە وێنەی سەنگ
سەنگ رووبەرووی ، ئادەم بدۆ دەنگ
ئاخر زیندەگیم بێ تۆ بەتاڵەن
ئەرکەم تەرێ بۆ خاو و خیاڵەن (١٣)

بە وردی کە لەم پارچە شیعرەی (بێسارانی ) دەکۆڵینەوە ، دەردەکەوێ کە کاریگەری بەسەر شاعیرانی دوای خۆیدا هەیە بە تایبەت (گۆران و هەردی ... هتد ) ، تەنیا بۆ نموونە ئەم دوو بەیتەی (گۆران) وەردەگرین کە هەموو جوانیەکی سروشت و تابلۆی رەنگینی کوردستان وەك ( بێسارانی )
ئەبەستێتەوە بە جوانی و خۆشەویستییەوە و ئەو دوو جوانیە کە ئاوێتە ئەبن ئەوسا چێژی کۆتایی دەگاتە هزری شاعیر و لێواولێو دەبێت لە نەشئە و توانای لە شیعرێکی داهێنەرانەدا بەرجەستەدەکات:

ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن
رۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن !
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ رووناکی یە بێ بزەی ئازیز
بێ ئاوازەیە ، دەنگە نەرمەکەی
بانەیدا لە گوێم ، تێر نەڵێم ئۆخەی ! (١٤)

بەرهەمەکانی ( بێسارانی ) دەکرێت بەسەر سێ مەبەستی سەرەکیدا دابەش بکرێت :
( دڵداری و خۆشەویستی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی ) کە هەریەك لەم مەبەستانە ئاماژەن بۆ قۆناغ و ژیان و سەردەمێکی تایبەتی شاعیر ، گەرچی هەندێ جار وێنەی تێکەڵاو لە یەك پارچە شیعردا ئەخوێنینەوە ، زیاتر غەزەل بەرچاودەکەوێ کە ئاماژەن بۆ قۆناغی لاوی و سەرمەستی عەشقی مەجازی و هێما و ئاراستەن بۆ ( ئامینە ) ناوێك کە دید و خەیاڵی شاعیری داگیرکردووە ، تایبەتمەندییەکی تری شیعرەکانی بێسارانی لەوەدایە کە بە هیچ جۆرێك ناوی خۆی و نازناوی لە دێڕە شیعرەکانیدا بەرچاوناکەوێت ، تەنیا لە دوو حاڵەتدا نەبێت ئەوەش بە ناوی ( سارانیان ) نووسیوە :

یەقین هەرزەگەرد بێ مەقامەنی
چون (( سارانیان )) خیاڵ خامەنی (١٥)

هەروەها جارێکی تر لە کۆتایی دێڕێکدا ناوی ( بێساران ) هاتووە ، کە بەلای توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیەوە دەستکاری کراوە و مەبەستی شاعیر نیە و ئەم بەیتە لە لای شاعیرانی تری ( گۆران ) و پەندی پێشینان و شیعری فۆلکلۆری دەرکەوتووە ، لەبەر ئەوە جێی گومانە :

چون ( بێسارانی ) هەرکەس بێ دڵ بۆ

چون باغچەی بێ ئاو ، دایم بێ گوڵ بۆ [١٦]

لەسەرجەم مەبەستە شیعرییەکانیدا شاعیر ئاوێتەی خەیاڵێکی داهێنەرانەیە کە لە مەستی سروشت و خۆشەویستی و عیرفانەوە کەیل ئەبێت ، سەرتاپا دەقە ناوازەکانی بە تان و پۆی (خەیاڵ ) ئەچنێ ، ئەو خەیاڵەی بەداهێنەر و خوڵقێنەری بەرهەمی ئەدەبی ئەناسرێت ، خەیاڵی داهێنەرانە ، دوامەبەست و ئاکامی شکۆی شاعیرە ، مۆتیڤی خەیاڵی شیعری سەرچاوەکەی تەنیا هزر و بیرۆکە نیە ، بەڵکو هۆکاری دەرەکی و چێژی دیمەنی تەژیە لە جوانی و ئەو تابلۆیانەیە کە هەموو جەستە و هەستەکانی بینەر نغرۆدەکەن و دەیخەنە دنیای خەیاڵاوی کە کۆتایی نیە . ئەو جۆرە خەیاڵە ئاسایی نیە ، پرۆسەیەکی هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و خوڵقێنەری ئەم جیهان و زەویەدا کرۆکی ئەم خەیاڵە خۆشەویستی یە بە هەردوو ماناکەی مەجازی و حەقیقی ، هەوڵی تێربوونە لەو جوانیانەی کە بە بینین و بیستن و هەست و بۆن تێرنابن ، بەڵکو رۆح تینووی چێژی زیاترە . [١٧]

لێرەوە دەقی ئەدەبی لەو مەبەستە رۆمانتیکیەوە خۆی بەرەو لوتکەی عیرفان دەهاوێژێ و شاعیری عیرفانی سەرجەم مەبەستەکان لە ئاسۆیەکی خەیاڵاوی دا نیشان ئەدات .

هونەر بەگشتی و ئەدەب بە تایبەتی بانگەوازی ئەو راستی و جوانیەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانین دەریببڕین ، هیگڵ : وەك فەیلەسوفێکی میسالی زۆر گرنگی بە خەیاڵ ئەدات و بە دوو شێوە جیای ئەکاتەوە : خەیاڵی ئاسایی و خەیاڵی داهێنەرانە . کە جۆری دووەم تایبەتە بە کەسی داهێنەر و کاری هونەری و ئەدەبی سەرکەوتووی پێ ئەنجام ئەدرێت ، کەواتە رۆمانتیکیەکان و ئەوانەش رایەڵەکانی ئەو رێبازە ئەیانگرێتەوە ، لە گۆشەنیگای فەلسەفەی میتافیزیکیەوە ،دەبنەداهێنەر . [١٨]

لای شاعیرانی رۆمانتیکی بەگژداچوونەوەی ( عەقڵ و هەست ) کارێکی لەبار و رەوایە ، بە جۆرێك زۆرجار بە بکوژی عەقڵ و هەست تاوانباریان دەکەن ، بەڵام ئەوان سوورن لە سەر ئەو ئەنجامەی کە بڵێن (( شیعری سروشت و جوانی لە نەستەوە سەرچاوە دەگرێ و شیعری دروست کراو لە هەستەوە ، نەست داهێنانە و هەست نیشانەی سنعەتی شیعرە ، ئەمەش دەکەنە خاڵێکی تری جیاوازی جەوهەری نێوان رۆمانتیك و کلاسیك)) [١٩]

شاعیری رۆمانتیکی لای وایە گەر دەستبەرداری هزر و هوشیاری نەبێت و جڵەو بۆ خەیاڵ شل نەکات ، ناتوانێ بگاتە جیهانی پشت واقیع ، لێرەوە خەیاڵ کە نەست بەرهەمی دەهێنێ ، دەردەکەوێ ، ئەم خەیاڵە داهینەرانە لای شاعیرانی رۆمانتیك و پێڕەوانی ئەو رێبازە وادەکات ئەو بەرهەمەشیعر و پەخشان و گوفتارانەیان ، ببێتە کارێکی ئەدەبی ئاڵۆز و کەرەسەی رەخنەی شیکاری ( النقد التحلیلی ) و رەخنەی دەروونی ( النقد النفسی ) شاعیرە رۆمانتیکیەکانی ئینگلیز زۆر جەخت لەسەر رەگەزی خەیاڵ دەکەنەوە ، بە ( شاژنی ) ناودەبەن ، ( شیللی ) پێی وایە ( شیعر گوزارشتە لە شاژنی خەیاڵ ). [٢٠]

ئەم خەیاڵە داهێنەرانەیە بە لای بێسارانی كە ( وەنەوشە و چنوور و گوڵ ) دەكاتە سێ ئەندامی قسەكەر و دایەلۆگیان لەگەڵ دەكات ، هەریەكەیان ئەركێكی خزمەتگوزاری بۆ خۆشەویستەكەی پێ دەسپێرێ و دواتر خەیاڵ ئەكاتە بەری ( وەنەوشە) و وەك مرۆڤێكی سەوداسەر پەشێوی بێ ئارامی دەگێڕێتەوە :

چراغ وەنەوشە چنوور چەنی گوڵ
عەزم رای ویساڵ تۆشان هانەدڵ
چنوور جە سەركۆ وەنەوشە جەچەم
گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم
واتشان بە من بەندەی فلانی
چون حاڵ زانەنی بە حاڵ مەزانی
بوونە ڕای الله بكەرە جارێ
بیاومێ بە وەسڵ ئەو دولبەر جارێ
چراغ نە هەر سێم بەستن بە دەستە
چ دەستە ، دەستەی زگاران بەستە
هەرسێم یە ئاورد چون خاكەساران
هەریەك وایەی وێم وە چەم مەداران
چنوور پەی زوڵفت پەشێو حاڵشەن
وەنەوشە سەودای خیاڵ خاڵشەن ...هتد [٢١]

هەر لێرەدا هەر جۆرێكی گوڵ و رازاوەیی سروشت لای شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە جوان و پاكژەكەی ( چنوور لە سەركۆ و وەنەوشە لە چەم و گوڵ بۆ گوڵستان ) كە ئەو مەنزڵگایانە زادەی سروشتی جوانی كوردستان و هەورامانن .

دووری و گۆشەگیری ، نەتوانی دیدەنی یار و هەڵرژانی راز و نیازی راستەوخۆ كاریگەری زۆریان لەسەر نەستی شاعیر هەیە ، هەر بەو هۆیەوە لە خەیاڵدانی خۆیدا ، وێنەی خۆشەویست دەنەخشێنێ و مەنەلۆگ لەگەڵ راز و نیازەكانیدا دەكات ، دەمێ سەرزەنشت و دەمێكی حەسرەت و جارجار كولانەوەی ئازاری دووری بە هۆی خەیاڵەوە ، كەواتە هەموو دەمێ خەیاڵ ئارامی بە شاعیر نابەخشێ ، بەڵكە زۆر جار مایەی ئازار و سەرچاوەی غەم و ئاخ و كەسەرە :

چراغم زویر ، چراغم زویر
جە دووری باڵات ، زامدارم زویر
هەرپەند بە خیاڵ ، ماوەرەوت نەویر
بە تەرتەرێنمان ، داخت مەدوم گیر
مەگنۆ وەیادم ، گۆنای گوڵ بێزت
دیدەی بێ مەی مەست ، مژەی هوون رێزت
رەفتارێ شێوەی ، ئاما و لوایت

ئاداب و دەستور ، ساحیب وەفایت
یەك یەك لێم بیەن بە زامیٚ خەتەر
نیهانان فرەن ، یەك جە یەك بەتەر
مەر ئەوسا داخت ، بەرکەرون نە دلٚ
وەسەرم کۆ بۆ ، نومای سەنگ و گلٚ (٢٢)

شاعیر تەنیا گوڵ و گوڵزار ناهێنێتە قسە و بیانکاتە کاراکتەری دەقە شیعرییەکانی ، بەڵکو گیاندارانی هاوەڵی مرۆڤیش دێنە ناو خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرەوە و دەبنە مەبەست و ئامانج و گلە و گازەندەیی ، ( کەڵەشێر ) کە بە خوێندنی ئاگایی خۆی نیشان دەدات ، لە شەوێکی پڕمیحنەت و ناسۆری شاعیردا ، هیچ دڵنەوایی نەکردووە و لە ئاهو ناڵینی نەپرسیوەتەوە ، ئەمە لە لایەك بایەخدانە بەو گیاندارە و لە لایەکی ترەوە ئاماژەیە بە مرۆڤی خەمسار و خۆپەرست کە تەنیا بۆ خۆی دەژی و خەم و ئازاری کەسانی تر بە ئاگای ناهێنێتەوە کە وێنەیان لە کۆمەڵدا زۆرە ، گەر تێر ئاگای لە برسی دەبوو ، غەم وەك بەشەبرا دابەش دەکرا ، ئەوکاتە باری شانی هەمووان سووك دەبوو ، دادوەری کۆمەڵایەتی جێی بە رق و کینە لەق دەکرد ، نەسەرمایە لای چەند کەسێك کەڵەکە دەبوو ، خەمیش تەنیا خەمی بەش مەینەتان نەدەبوو :

ئێم شەو من گریام خروس کەرد ناڵین
سۆب ئەو بیٚ نیشان ، من زۆخ و باڵین
گریەی من جە داخ دووری کەسیٚ بیٚ
ئەو جە دەرد بیٚ باك ، وەش نەفەسیٚ بیٚ
نەسۆزا بە سۆز نە بە دەمەوە
ناما ، نەپەرساش بەدەردمەوە (٢٣)

کەسانی ئاسایی کە باس لە خەیاڵ و ئەندێشە دەکەن ، وەك شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و خواستێکی بەدینەهاتوو لێکی ئەدەنەوە ، زۆر دەیدەنە پاڵ کەسانی نەزان و تەمەڵ و بێکار ، لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە لە بەرئەوەی خەیاڵ و بیکردنەوەی لە ئاییندە و خولیای هزری مرۆڤ دەبێتە کار وکردەوەی بە سوود یان زیانبەخش ، لێرەوە درووستی جیاوازییەکەی (هیگڵ ) دەردەکەویٚ کە خەیاڵی کرد بە دوو بەشەوە و سەرچاوەی داهێنانی گەڕاندەوە بۆ خەیاڵ ، شیعر لە دیدگای شاعیرە ڕۆمانتیکیەکانەوە گواستنەوەی واقیع نییە ، بەڵکو سەرنجی تیژ و بەسەلیقەی شاعیرە بۆ لایەنە نادیارەکانی واقیع ئەوەش بە ئاسۆیەکی خەیاڵاوی ، بەشێوەی پچڕپچڕ یان تێکشکاو ، ئاڵوگۆڕکراو ، خەیاڵی داهێنەرانە کە مولکی تاکەکەسە ، بەرهەمی هەڵچوونی نەستە ، هەر لە بەرئەوەیە وێنە شیعرییەکان لای هەر شاعیرێك بە شێوازیٚ دەردەکەویٚ ، هەریەکەیان بە خەیاڵیٚ هەوڵی سەرکەوتنی ئارەزوو و خوولیا کپ کراوەکانی دەدات ، ئەو ئارەزووە و خولیایەی لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەر زەبری ( بەرزەمن – اناالعلیا ) کەوتووە و چەپێنراون ، گەر بەهرەمەندێکی ڕۆمانتیکی نەتوانیٚ بازگەی نەریت و سانسۆری کۆمەڵ و تابۆی سیستمی باو و غەدری سیاسی و ڕۆژگار ببەزێنیٚ ، ئەوا ئازادە لەوەی لەڕەوەخەیاڵێکی سەرکەشدا ، یان لە خەوێکی پشت بەستوو بە واقیع ، کاری هونەری و ئەدەبی نایاب ئەنجام

بدات ، دیارە لە چیرۆكدا ئەم كارە دووبارە بۆتەوە وەك چیرۆكی ( الروءیا ) ی معروف الرصافی و ( لەخەوما ) جەمیل صائب .

(بێسارانی ) لە خەودا ، زوڵفی یارەكەی لێ دەبێتە رەش مار و لە نەزانینەوە دەیەوێت بیگرێ (ئاماژەیە بۆ نەست ) دواتر ئەو مارە دەبێتە مایەی ئازار و بریندار كردنی شاعیر ، تەنانەت رۆحی ناتوانێ بەرگەی زامی گازی مار بگرێت ، دیارە ئەم هێمایانە ( مار ، گیان ، ئازار و سزا و دووركەوتنەوە)ئاماژەن بۆ چەندین رێگر و بەربەستی كۆمەڵایەتی :

ئێم شەو جە خاودا زوڵفێ دێزێ دیم
چون سیاماران سەراوێزێ دیم
شیانێ گرتم من جە نەزانی
نمەز ئەو قاتڵ ( ............)
تیژتەر جە ئەڵماس قولاپش سازا
یە زەڕەی تەنم ناستیش بە ئازا
رۆح جە تاوپای زامێ گیر و گاز
پەرێ ئاسایش ئاماوە پەرواز
واتش مەربشون دوورگنون لێشان
زامێ گازێ مار مەتاو كێشان (٢٤)

سروشت بە نەرمە دەنگەكەی بە چوار وەرزە جیاوازەكەی ، هەمیشە بوونەتە هۆی بەخشینی توانای شیعری بە شاعیران و هەر رەنگە و هەر وەرزە هێمایە بۆ جۆرێك لە شادی و خۆشی و غەم و ئازار و تەمەن و كۆچ و ژیان و مردن ، لای ( بێسارانی ) وەك سەرئامەدی شاعیرانی سروشت (( خەزان هاوڕێ یە لەگەڵ غەم و پەژارە و تەنگ و چەڵەمەی ژیان ، رەنگی زەرد نیشانەی غەمباری و دەرد و برینە ئەمەیە زۆربەی هۆنەرە كوردەكان ، هەركاتێ ویستوویانە بێزاری و تێربوونی خۆیان لە ژیان دەربڕن ، وەرزی گەڵاڕێزان ، واتە ( پاییز ) یان هێناوەتەوە بیری خۆیان )) (٢٥)

پایز ئاماوە ، پایز ئاماوە
ئەودی نەو پایز جە نۆ ئاماوە
........................ (٢٦)
عاشقان سەودای ، دەروون تاماوە
قافڵەی سویمل ، زیا جە یەمەن
كەردەوەسێ وەنگ تەمامی چەمەن
تەبەق تەبەق هەور ، سیای دودێ تەم
نەم دا سەرزەمین بە شێلاوێ چەم
بیان بەو تیان ، دەردەدارێ دەرد

خەزانێ زایف زافەرانێ زەرد
وەشڵەی بە خەزان ، پەی وێش مەبۆ زەرد
ئەو جەوادەی وێش ، من جە تاوێ دەرد[٢٧]

بەرامبەری لەگەڵ سروشت و دیمەنەکانیدا ، کاری شاعیری داهێنەرە ، ( بێسارانی ) لەم مەیدانەدا پێشڕەو و پێش ( مەولەوی و گۆران ) وێنای پاییز دەکات و هاوتای ئازار و مەینەتی خۆی ، دەرد و ئازاری هەڵوەرینی تەمەنی ، بەرامبەر بە خەزان و رەنگی زەرد و ماتەم و گەڵای وەریوی پاییز دەشوبهێنێ . وەك ( گۆران ) وێنەیەکی جوانی لە ( بێسارانی ) و ( مەولەوی ) وەرگرتووە و جارێکی تر پاییزەکەی ( بێسارانی ) دەژیێنێتەوە :

پایز ! پایز
بووکی پرچ زەرد
من مات ، تۆ زیز
هەردوو هاودەرد !
من فرمێسکم ، تۆ بارانت
من هەناسەم ، تۆ بای ساردت
من خەم ، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە : دادم ، دادت
هەرگیز ، هەرگیز
پایز ، پایز [٢٨]

خەون و خەیاڵەکانی ( بێسارانی ) لە چەند بەرهەمێکیدا ، پەردەی شەرمی کۆمەڵ دەدڕێ و (لەخەویدا) لەگەڵ یارەکەی رادەبوێرێ و بە هونەری لێکچواندن وەسفی جەستەی یارەکەی دەکات :

چراغ و یاران
چراغ و یاران ، چراغ و یاران
ئیمشەو جە خاودا وەشیم و یاران
ئیجازەم سەنەن جە ئیجازەداران
مڵەما بیان شەو چەنی ماران
جفتێ کاڵەبەی هابەودارەوە
دووشامار بەندەن بەو چنارەوە
ماران و بەیان هەر لە مەزارێ
نمەز چ سرەن نمەگەزانێ
(تبارك الله ) جەی دەستەی چنار

**شاماران جفتەی مارتووڵان هەزار**

**صوب کەسپی بی جە خاو بیم بێدار**

**نەمارمەندە بێ نەبەی نە چنار**

**دریغ جە خاودا شامار بگەستام**

**چەنێ بێ بەینەت ، بەینەت نەبەستام** (٢٩)

**لەگەڵ ئەوەی شیعرە ناوازەکانی ( بێسارانی ) لای زۆر توێژەر ، وەك عەشقی مەجازی لێکدەدرێتەوە ، بەڵام عەشقی حەقیقی لە هەندێ لایەندا بەدیدەکرێت .**

**توێژەر لهۆن قادر دەڵێ : (( بە گشتی هەندێ کاتیگۆری و گوتەزای ئەوتۆ هەن لە هۆنراوەکانی بێسارانی دا کە رۆح و جەوهەری مۆدێرنەیان تێدایە بەتایبەتی لەو هۆنراوانەیدا کە دەربڕی بابەتی جوانناسی و خۆشەویستین ))** (٣٠) **دواتر توێژەر نموونەیەکی شیعری دەهێنێتەوە کە شاعیر لە ئاست خۆشەویستی و خۆی و دولبەرەکەیدا ، نموونەی ( فەرهاد ) و ( شیرین ) تێ دەپەڕێنێ و لەو رەنجەی (فەرهاد ) داویەتی شێوەی ئاشکرای وەرگرتووە و هەڵکۆڵینی ( بێستون ) ە ، بەڵام کاری ( بێسارانی ) لە دەروونیدایە ، لە هەر زەڕەیەك ئاهوحەسرەتی دەبێتە کێوێك لە سەحرادا ، ئەم وێنەیە بە پێچەوانەی داستانەباوەکەی ئەو دوو دڵدارەیە ، لەوێدا دەست و بازوو ، هەوڵ و جووڵە و کاری شەو و ڕۆژ کە سەرچاوەکەی عیشقە ، دەردەکەوێ ، لەلای شاعیر دیوی ناوەوەی عیشق کاری خۆی دەکات و دیمەنی دەرەکی دەگۆڕێ و لە سارادا ، کێو دروست دەکات :**

**جەکۆشان بێ دەرد**

**جەکۆشان بێ دەرد ، جەکۆشان بێ دەرد**

**فەرهاد و مەجنون ، جەکۆشان بێ دەرد**

**فەرهاد نەتاوان بێستوون ساکەرد**

**مەجنون جە ئاهش سەنگ مەبی وەگەرد**

**..........**

**دەردجەکەسێوەن دەردش بۆنەسەر**

**دووش کۆی بێستوون بگێرۆ نەوەر**

**من زەڕێ دەردم ها نەدەروون دا**

**وەختەن نەجد بدۆ بە بێستوون دا**(٣١)

**ئەو نموونانەی ئاماژەمان پێدان مشتێ لە خەرواری ئەو دەقە داخراوانەن کە ( بێسارانی ) بە زانایی و بلیمەتی خۆی بەرهەمی هێناون ، کە دەکرێ خوێندنەوەی تریان بۆ بکرێت ، هەروەها کاریگەری ئەم شاعیرە بە توانایە لەسەر دەوروبەر و شاعیرانی دوای خۆی لە هەردوو دیالێکتی گۆران و کرمانجی ناوەڕاستدا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە . تا ئەمڕۆش تەم ومژو ئاڵۆزی لێکدانەوەی سەبارەت بە دیوانی ( بێسارانی ) لە ئارادایە بە تایبەت تێکەڵاوی لایەنی عەشقی مەجازی و عەشقی حەقیقی کە قسە و باس و گریمانە و بۆچوونی زۆرتر هەڵدەگرن .**

**ئەنجام**

( بێسارانی ١٦٤٣ – ١٧٠١ ) کە تا ئەمڕۆ سێ جار هەوڵی کۆکردنەوە و چاپکردنی دیوانەکەی دراوە (کیومرث نیك رفتار ، حەکیم مەلا صالح ، صدیق صفی زادە ) ، وەك پێویست و لە زۆر لایەنەوە بە رووکەش لە شیعرەکانی کۆڵراوەتەوە ، جارێك هەوڵدراوە بنەمای ڕێبازی ڕۆمانسی بەسەر شیعرەکانیدا بچەسپێ و جارێکی تر لایەنی عیرفانی و کۆمەڵایەتی و دڵداری ، دیارە ئەم هەوڵانە سوودبەخش و جێی سەرنج و بوونەتە سەرچاوە ، ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە شیعرەکانی بێسارانی وەك دەقی داخراو یان دەقی زیندوو ، چەند خوێندنەوەی تر هەڵدەگرن ، لە بەرئەوەی شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێگای خەیاڵی داهێنەرانەوە کە سەرچاوەکەی ( نەستە ) شێوە و روخسارێکی تر بدات بە سروشت و جوانی و عیشق و عیرفان و لایەنی کۆمەڵایەتی ، لە ناو دەقە شیعرییەکانیدا سروشت بە کێو و گوڵ و چەم و باخ و هەردەوە ئامادەییان هەیە نەك بە شێوەی مجرد و تەنیا سەرنج ڕاکێش بەڵکو وەك کاراکتەری بگۆ و کەسایەتی دەکەونە دایەلۆگ و لەگەڵ مرۆڤ هاوشان و باڵا دەبن ، هەروەها وەرز و گیاندار و دار و دەوەن و ڕەنگ بە وێنەی هونەری و داڕشتنی وشەی زڕنگانەوەی دیالێکتی گۆران لە جوڵە و خۆ نمایش کردندان ، خوێنەری بە ئاگا و خاوەن چێژ و سەلیقەی ئەدەبی لە ئاست دەقە شیعرییەکانی ( بێسارانی ) دا خۆی لە بەردەم تابلۆیەکی سروشتی تێکەڵ بە هارمۆنیەتی ژیان و مردن و غەم و شادیدا دەبینێتەوە . ئەم شاعیرە جگە لە خەیاڵ ، خەونیشی کردۆتە چوارچێوەیەکی ڕازاوە بۆ تابلۆ شیعرییەکانی تا لەو لایەنەوە دەست لە مل هیوا و ئاواتەکانی بکات و هیچ نەبێ لە نەستدا بە خۆشەویستەکەی بگات و هەناسەی ئارام هەڵکێشێ.

**پەراوێز :**

١- بابەك ئەحمەدی ، پێکهاتەی دەق ، کتێبی (١)، ل ٥٤ .

٢- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٥٥ .

٣- دەقی دیوانی نالی ، لەگەڵ فەرهەنگۆکی وشەکان ، انتشاراتی کوردستان ، ل٤٨.

٤- ڕۆلان بارت ، مەرگی نووسەر ، گ سەراب ژ ٤٢٣ – ١٩٩٦ .

٥- بڕوانە : محسن عارف صالح ، پراکتیزە کرنا تیۆرا دەقی د مەم و زینا خانیدا ، ل ٣٢-٣٣ .

٦- بڕوانە : عەبدولخالق یەعقوبی ، دەنگی بلورینی دەق ، ل ٢١٧.

٧- بڕوانە : د.میجان الرویلی – د.سعدالبازغی ، دلیل الناقد الادبی ، ط ٢ ، ص ٢٧٢-٢٧٣ .

٨- بڕوانە : بابەك ئەحمەدی ، پێکهاتەی دەق ، کتێبی (١)، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧ .

٩- بڕوانە : بێساران حمەکریم ڕەمەزان ،بنەما ڕۆمانسیەکان لە شیعری بێسارانی دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠١١، بەشی زمانی کوردی .

١٠- دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، ل ١١ ،١٢ .

١١- بڕوانە : د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ب٢ ، هەروەها : بێسارانی ، حەمە کەریم ڕەمەزان ، بنەما ڕۆمانسییەکان لە شیعری بێسارانی دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، بەشی کوردی ٢٠١١ .

١٢- خورشید ڕەشید ئەحمەد ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، ل ٤٦ .

١٣- دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، ل ١٣٧ .

١٤- محمد مەلا کەریم ، دیوانی گۆران ، ل ١٠ .

١٥- بڕوانە دیوانی بێسارانی ، سەرچاوەی پێشوو .

١٦- هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٣٧ .

١٧- بڕوانە : الخیال الخلاق ، مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد ، العدد ٣ ، ص ١٢٧ .

١٨- بڕوانە : مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد ، العدد ٢٧ ، ١٩٨١ ص ٣٥٣ .

١٩- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٣٦٣ .

٢٠- بڕوانە : الرومانتيكيه ، ليليان فيرست ، ت / عدنان خالد ١٩٧٨ ، ل ٦٥-٧٢ .

٢١- دیوانی بێسارانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٨ ، لێرەدا ئاماژە بەوە ئەدەین کە ئەم پارچە شیعرە لە بەر کاریگەری و چێژ و مەبەستە نایابەکەی ( پێرەمێرد ) ی خستۆتە خوولیای وەرگێڕانی :

ئازیز وەنەوشە ، چنوور لەگەڵ گوڵ

سەودای دیتنی تۆیان کەوتە دڵ ... هتد

٢٢- دیوانی بێسارانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٧ .

٢٣- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩ .

٢٤- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٢٣ .

٢٥- دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، ل ٤٨ .

٢٦- لە سەرچاوەکەدا بە ( ........ ) ئەو بەیتە نووسراوە و ناتەواوە ، بڕوانە : دیوانی بێسارانی ل٤٨.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو ل ٤٨ .

٢٨- دیوانی گۆران ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٦ .

٢٩- لهۆن قادر هەورامی،کاتیگۆری جوانی و خۆشەویستی لە هۆنراوەکانی بێسارانی دا( ١٦٤٣ – ١٧٠١ز) – گۆڤاری هەورامان / ژمارەی تایبەت بە پێنجەم فیستیڤاڵی هەورامان – ماچۆ – ژ ٣٠ ، ل ٤٤.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢ .

٣١- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧ ، ٢٨ .

**سەرچاوەکان :**


**بە زمانی کوردی :**

١. بابەك ئەحمەدی ، پێکهاتەی دەق ، کتێبی (١)، و.مەسعود بابائی ، چ١ هەولێر ٢٠٠٤.

٢. بێساران حمەکریم رەمەزان ،بنەما رۆمانسیەکان لە شیعری بێسارانی دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠١١، بەشی زمانی کوردی .

٣. دەقی دیوانی نالی ، لەگەڵ فەرهەنگۆکی وشەکان ، انتشاراتی کوردستان ، سنندج ١٣٨٥هـ.ش .

٤. دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە ، چاپخانە الادیب البغدادیە ، ١٩٨٢ .

٥. دیوانی گۆران ، محمد مەلا کەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد ، ١٩٨٠.

٦. خورشید رەشید ئەحمەد ، رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٩ .

٧. رۆلان بارت ، مەرگی نووسەر ، گ سەراب ژ ٤٢٣ – ١٩٩٦ .

٨. عەبدولخالق یەعقوبی ، دەنگی بلورینی دەق ، چاپخانەی راز ، سلێمانی ٢٠٠٥ .

٩. لهۆن قادر هەورامی،کاتیگۆری جوانی و خۆشەویستی لە هۆنراوەکانی بێسارانی دا( ١٦٤٣ – ١٧٠١ز) – گۆڤاری هەورامان / ژمارەی تایبەت بە پێنجەم فیستیڤاڵی هەورامان – ماچۆ – ژ ٣٠.

١٠. د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ب٢ ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

١١. محسن عارف صالح ، پراکتیزە کرنا تیۆرا دەقی د مەم و زینا خانیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی دهۆك ، جڤاتا کۆلێژا ئادابی ٢٠١٢ .

**بە زمانی عەرەبی :**

١. الخیال الخلاق ، مجلة کلیة الآداب، جامعة بغداد ، العدد ٣ ، کانون الثانی ١٩٦١ مطبعة العاني ، بغداد.

٢. د.میجان الرویلی – د.سعدالبازغی ، دلیل الناقد الادبی ، ط ٢ ، دارالبیضاء، بیروت ٢٠٠٠ .

**ملخص البحث**

تحليل العناصر الشعرية في شعر بيساراني بروى جديدة ، بيساراني ( ١٦٤٣- ١٧٠١ ) احد شعراء الكرد المشهورين كتب قصائده باللهجة گورانية ، و جلّ قصائده نظمها على وزن السيلاب أي المقطعي ذات المقاطع العشرة ،من ناحية المضمون فان قصائده تتضمن نواحي شتى ابرزها ( الاجتماعية و العرفانيه و الغزل و الوصف ) ، هذه الدراسة محاولة جديدة لقراءة النصوص المغلقة و بالأخص النظرة العلمانية و ذلك الخيال الابداعي الذي يحتل جانباً كبيراً في أفق الشاعر ،الخيال كعنصر مهم في المدرسة الرومانتيكية نسج بها الشاعر صورة الشعرية قبل اكثر من قرنين من ظهور الرومانتيكية ، في هذا البحث حاولنا تحليل نماذج من نتاجه الوفير و الذي هو مؤشر لرسالة الشاعر الحية و هذه النماذج تمثل معبراً باتجاه المعاصرة و قصائده كسائر شعراء الكرد بأمس الحاجة الى قراءة جديدة و تاويل لتلك الرموز التي تتضمنها.

الدراسة تتضمن مقدمه و فصلين و من ثم النتائج التي توصلت اليها الدراسة و انتهينا البحث بعرض قائمة المراجع و المصادر المعتمدة في البحث و آخر ما تضمنتها الدراسة ملخصها باللغتين العربية و الانگليزية .

## Abstract

## A Modern Analysis of Besaranis Poetic Elements

Besarani (١٦٤٣ – ١٧٠١ ) is one of the renowned Kurdish poets who wrote his poems in Goran ( Hawrami) dialect .He used iambic pentameter ( a ten –syllable line ) and tacked various issues including love , passion , knowledge and social issues .

This research is a resent attempt to explore the less common texts the poet , especially his worldview and the inventive imagination which occupied the mind of the poet . Imagination is an important element in Romanticism , but Besarani paid much attention to it and composed tenth of elite poems two centuries before the emergence of the movement in literature .

In this research , some samples from his poems are selected which indicated the vitality of his points and ideas and show how he went beyond his time and stepped into a modern world .

Like the poems of the other poets , the poetic elements in Besarani s texts need further analysis and explanation , and this study is conducted to achieve that aim.

The research consists of an introduction , two section and the results and it is an effort to achieve new results.